# مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی ژمارە لە شێوەزاری هەورامیدا

**م.ی سالم حەسەن عەزیز, م.ی ئاریان سدیق عەزیز**
زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی کوردیی شارەزوور

**پێشەکی**

هەر زمانێك لە نێو زمانەکانی جیهاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە زمانی کوردیش، کە یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە بوارەکانی زمان و ئاستەکانیدا جیایدەکرێتەوە لەگەڵ زمانەکانی تردا. لێکۆڵینەوە لە هەندێك لایەنی زمانی کوردیی بە گشتیی نەکراوە، شێوەزاری هەورامیی، کە بەشێکە لە دیالێکتی گۆران کەمتر کاری لەسەر کراوە، بۆیە پێویستە ئەو لایەنانەی، کە کاری لەسەر نەکراوە بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەیش هەوڵێکە بۆ ئەو مەبەستە، دەمانەوێت تیشکبخەینەسەر لایەنە شاراوەکانی ئەم شێوەزارە لە زمانی کوردییدا.

01 ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە :

بریتییە لە (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی ژمارە لە شێوەزاری هەورامیدا) لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی)یە، بە پێی لێکۆڵینەوەکە لە هەندێك شوێنیشدا پەنابراوەتە بەر واتاسازیی، ژمارەیش وەك چەمکێکی ئەبستراکت لە کێشەدایە، لەم شێوەزارەدا شیکردنەوەی بۆ نەکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەیش هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی ژمارە لە شێوەزارەکەدا.

کەرەسەو سنووری لێکۆڵینەوەکە :

2. کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە داتای نوسین و ئاخاوتنی قسەپێکەرانی ئەمڕۆی زمانی کوردییە و لە چوارچێوەی شێوەزاری هەورامیدا شیکراوەتەوە. واتە ئەم لێکۆڵینەوە بۆ دیالێکتی گۆران شێوەزاری هەورامیی تەرخانکراوە، نموونەی کەرەسەکانیش زمانی نوسین و ئاخاوتنی ئەمڕۆی شێوەزارەکەیە.

3. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ئەو ڕێبازەی، کە لە شیکردنەوەکاندا گیراوەتەبەر، ڕێبازێکی (پەسنیی –شیکاریی)یە، باس لە شیکردنەوەی ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی ژمارە کراوە.

4 .گرنگیی لێکۆڵینەوەکە :

گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە تا ئێستا لە شێوەزاری هەورامیدا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لەم شێوە لەسەر ژمارە نەکراوە و بەم جۆرە نەخراوەتە ناو چوار چێوەی توێژینەوەیەکی زانستیەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی هەوڵێك لەم بارەیەوە بدەین و هەندێك لایەنی شاراوەی ئەم بابەتە بخەینەڕە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ یەکلاکردنەوەی هەندێك لایەنی کێشەداری ژمارە لە شێوەزارەکەدا.

5 .گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

لە لێکۆڵینەوەکەدا دوچاری هەندێك کێشە بووین، لەوانە نەبوونی سەرچاوە لە شێوەزارەکەدا لەسەر ئەم بابەتە، تەنانەت لە زمانی کوردیشدا کەمتر کار لەم بوارەدا کراوە. سود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە، کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا کاری لەسەرکراوە لەگەڵ سەرچاوەی بیانیی.

6. پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

بێجگە لە پێشەکیی، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە دوو بەش پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی خراوەتەڕوو.

بەشی یەکەم، کە بە ناونیشانی (مۆرفۆلۆژیی ژمارە لە شێوەزاری هەورامیدا)یە، ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت.باس لە پەیوەندیی ژمارە بە ناو و ئاوەڵناوەوە، پەیوەندیی وشەو ژمارە بە مۆرفیم و مۆرفەوە. هەروەها چەمکی ژمارە و ئەو کارانەی کە پێشتر لەسەر ژمارە کراوە لەگەڵ جۆری ژمارەو تایبەتمەندی هەریەکە لە جۆرەکان خراوەتە ڕوو.

بەشی دوەهەم (سینتاکسی ژمارە لە شێوەزاری هەورامیدا)یە، ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت،باس لە ژمارە لە دروستەی فرێزی ناویی و ئیدیۆم و پەندی پێشینانDا خراوەتە ڕوو و بەراورد کراوە بە شێوەزاری ناوەراست و هەندێك هاوبەشی وجیاوازی لە نێوان هەردوو زارەکەدا دەرکەوتووە، چونکە هەر زارێك تایبەتمەندی خۆیی هەیە .

بەشی یەکەم /**مۆرفۆلۆژیی ژمارە لە شێوەزاری هەورامیدا** :

مۆرفۆلۆژیی لقێکی ڕێزمانە و یەکێکە، لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە وەسفییەکان و لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی رۆنانکاری سەرپەڵدا، لەپێکهاتەیناوەوەی وشە وپۆلینکردنی مۆرفیمەکان و دەستنیشانکردنی پێکهاتەو ئەرکی دەکۆڵێتەوە. ژمارەش وەك بەشە ئاخاوتنێکی زمان لەم شێوەزارەدا دەکرێت لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لێیبکۆڵرێتەوە. پەیوەندی ژمارە بە بەشە ئاخاوتنی (ناو و ئاوەڵناو)ەوە بخرێتە ڕوو.

**1/1)پەیوەندیی ژمارەبەناو و ئاوەڵناوەوە :**

**1-1/1) پەیوەندیی ژمارە بە پۆلەرەگەزەوە:**

لە دیاریکردنی پۆلی وشەدا تایبەتمەندی ڕێزمانی گرنگە، یان (لە دیاری کردنی گروپی وشەدا گرنگەو لە سەر بنەمای دابەش دەکرێن بەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاوازدا، ئەوەیە کە پەیوەندی پێویستە هاوخاسیەتی ڕێزمانی لەنێوان وشەکانیهەرگرووپێکدا هەبێ، نابێت هەرتەنیا لە ڕووی خاسیەتی واتاوە بەشە ئاخاوتنی ژمارە جیابکەنەوە. هەر لەم ڕوانگەوە نابێت هەر وشەیەك واتای ژمارەی تێدا بێت، یان پلەی ژمارەی ڕابگەیەنێ بە ژمارە لە قەڵەمی بدەین.)(ئەورەحمانی حاجی مارف: فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی:2004)، واتە بۆ دیاریکردنی پۆلی وشە تایبەتمەندی واتایی و ڕێزمانی گرنگە، لە دیاریکردنی بەشە ئاخاوتنەکاندا پێویستە پەیوەندیی هاو خاسیەتی ڕێزمانی لە نێوان وشەکانی هەر پۆلێکدا هەبێت، نابێت تەنها لە ڕووی خاسیەتێکیانەوە پۆل دیاری بکرێت. وە نابێت هەر وشەیەك واتای ژمارەی تێدا بێت، یا پلەی ژمارە ڕابگەینێت بە ژمارە لە قەلەم بدرێت .

2-1/1) **پەیوەندیی ژمارە بە ناوەوە :**

ناو و ژمارە وەك دوو کەتیگۆری سەربەخۆ، هەریەکەیان تایبەتمەندی ڕێزمانی خۆیی هەیە، ناو بۆ ناونانی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت، کەچی ژمارە چەندێتی ناوێك یان ڕیزو ڕێکخستنی یا کەرتی ناوێك دیاریدەکات. (هەرچەندە کەتیگۆری ژمارەو ناو لە ڕووی واتاوە لە یەکەوە نزیکن، بەڵام ناکرێت تەنها تایبەتمەندیی واتایی دابنێین بۆ ژمارە، کە بەشێك بێت لە ناو. یان هەر وشەیەك واتای ژمارەی تێدا بێت یان پلەی ژمارەیی ڕابگەیەنێت بە ژمارە دابنرێت. هەرچەندە وشەکانی (حەفتە، **چلیْ**...) واتاو ناوەڕۆکی ژمارەیان تێدایە، بە هۆی پاشگرەکانەوە وەك ناوێکی دارێژراو حسابیان بۆ دەکرێت و ژمارە نین، لەبەر ئەوە تایبەتمەندی ڕێزمانی ناویانتێدایە، نەك ژمارە جیاوازیان لەگەڵ وشەکانی (حوْت،چل ...) دا هەیە. وشەکانی (حەفتە و **چلیْ**...) تایبەتمەندی ڕێزمانییان تێدایە، کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هیچ ناوێکی ئاساییدا نییە، هەروەك چۆن دەوترێت (**فەرمانبەرێو** -- فەرمانبەرێك، فەرمانبەرەکێ _ فەرمانبەرەکان، یەك فەرمانبەر، چوارفەرمانبەر- چوار **فەرمانبەرێ**....) ئاواش دەوترێت (**حەفتێو —** هەفتەیەك، **حەفتەکێ —** هەفتەکان، حەفتەی دوەهەم – هەفتەی دوەهەم، **دویْ هەفتیْ** – دوو هەفتە،...)هەرچەندە لە ڕووی چەندێتییەوە (چل)و(**چلیْ**)،(**سەدْ** )و (سەدە).... وەك یەکن، بەڵام (چل، **سەدْ**... ) ژمارەن و (**چلیْ**، سەدە،...) ناون و لە ڕەگی ژمارەو مۆرفیمی وشە دارێژ پێکهاتوون و لە ژمارەوە بوونەتە ناو. لە لایەکی ترەوە وشەکانی (چل، **سەدْ**...) بە ڕەنووس و نووسین دەنووسرێن، کەچی وشەکانی (**چلیْ**، سەدە،...) تەنها بە نووسین دەنووسرێن.) (وشەی (چل) ژمارەیە، چونکە واتای تجریدی ژمارەی تێدایە، بەڵام وشەی (**چلیْ**) ئەگەرچی واتای چەندێتی هەڵگرتووە، بەلام لە سنوورێکی بەرین و فراواندایە و پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە.

1. به ژماردنی (چل) هوه. 2. تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر لەدایك بوونی منداڵێكدا یان مردنی یەكێكدا یان هێنانی بووكێكدا. 3. چل ڕۆژ لە ناوەراستی هاوین و زستان ....هتد. ڕاگەیاندنی واتای چەندێتی لە وشەی (**چلێ** – چله)دا بێبەشە لەو خاسیەتی تەجریدەی لە ژمارەدا هەیە .(ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، وشەسازی، ژمارەو ئاوەڵكردار: 2014)

هەروەها لە ڕووی پێكهاتنەوە"ژمارە خاوەنی تایبەتیەكی دیاریكراوی وەهایە،كەلە بەشە ئاخاوتنەكانی تری جیادەكاتەوە.ژمارەكانی زمانی كوردی لە ڕێگای هەمە جۆرەوە دەردەبڕدرێن. ڕێگەی هەرە باو ڕێبازی (كۆكردنەوە) و (لێكدان )ە، ڕێبازی كۆكردنەوە بۆ سازبوونی ژمارەكانی (11_ 19) وەهەموو ئەو ژمارانەی بە هۆی مۆرفیمی پەیوەستی (و) پێكدێن بەكاردەهێنرێت. (بابا رەسوڵ نوری رەسول: 2009: 47)، واتە ژمارە خاوەنی تایبەتیەكی دیاریكراوە، كە لە كەتیگۆریەكانی تری جیادەكاتەوە، ژمارەكانی زمانی كوردی لە ڕێگەی ڕێبازی كۆكردنەوە و لێكدانەوە پێك دێن، ڕێبازی كوكردنەوە بۆ سازبوونی ژمارەكانی (11_19)ەیە، ڕێبازی لێكدانیش هەموو ئەو ژمارانەی بە هۆی مۆرفیمی (و)پێك دێن دەگرێتە،وەك: ( چواردە _ چواردە، سێ و **دوێ**، سێ و دوو )، بەڵام پێكهاتنی ناوی كۆكراوە لەسەر بناغەی كۆكردنەوە بە ئەنجام ناگەیێنرێت، بۆنموونە : (كۆبوونەوەی خێزان) لە بارەی واتاوە ئەوە ناگەیەنێ كە لە (كۆبوونەوە + خێزان) سازبووبێت، هەرچی ژمارەی (چوار سەد ) و (**دوێ ملوێنێ** _ دوو ملیۆن) .... لە ڕێگەی لێكدانەوە سازبوون، واتە : **چوار سەد** _چوارسەد = 4 × 100، **دوێ ملوێنێ** 2 × 1000000،..... لێرەدا، ئەگەر لەگەڵ لێكدانی ناودا بەراوردی بكەین هەندێك جیاوازی بەدیدەكەین. (عبدالرحمن حاجی معروف: 2014: 55-56)، هەروەها ناوەكانی پاش ژمارەی بنچی بە واتای كۆ بەكاردێن، جگە لە ژمارە (یەك) نەبێت، كە واتای كۆ ناگەیەنێت، ناوی دوای ژمارە لەم شێوەزارەدا نیشانەی كۆ وەردەگرێت بە هەمان شێوەی ناو، ژمارە ڕەگەزو دۆخ وەردەگرێت بە پێچەوانەی كرمانجی ناوەستەوە،وەك: یەك كوڕ، ناوی دوای ژمارەكە نیشانەی كۆی وەرنەگرتووە،دوێ پیێ، (دوو پیاو) ناوی دوای ژمارەكە نیشانەی كۆی وەرگرتووەكە (**ێ**)یە.

**3_1/1)پەیوەندیی ژمارە بەئاوەڵناوەوە:**

ژمارەو ئاوەڵناو دوو كەتیگۆری سەربەخۆن هەریەكەیان وەك بەشەئاخاوتنی سەربەخۆ بەشداری لە دروستەی ڕستەدا دەكەن یان (هەردووكیان لە پاڵ ناوێكدا دێن و دەبنە دەرخەری ناو، بەڵام ژمارە دەبێتە دەرخەری چەندێتی ناوەكە، یا پلەوكەرتی ناوێك دیاری دەكات، كەچی ئاوەڵناو وەسفی ناوێك یا جێناوێك دەكات و چۆنیەتی و خاسیەت دەگەیەنێت،.ئاوەڵناو چۆنیەتی و خاسیەتی ناوەكە یا جێناوەكە ڕادەگەیەنێ، بەڵام ژمارە ئەركی رووتی ناوی ژمارە (چوار+پەنج = **نۆ** ) ڕادەگەیەنێ، یا چەندێتی ناوێك یا پلەی شتێك یا كەرتی شتی دیاری دەكات.

لەژمارەدا پەیرەوی ڕێبازی كۆكردنەوە ولێكدان دەكرێت بۆ سازبوونی ژمارەی لێكدراو (سێ + چوار=سێ وچوار)، (چوار +هەزار= چوارهەزار)، كەچی ئاوەڵناوی لێكدراو بەگەلێ ڕێگە سازدەبێت : (دڵ وەش–دڵ وەش، ڕوو سیاوَ – ڕوو ڕەش، باڵا بەرز – باڵا بەرز،....) كە دەوترێت (دڵوەش) هیچ ئەوە ناگەیەنێ كە لە ( دڵ + وەش) یا ( دڵ × وەش) پێكهاتێ.

لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناودا، ( ئاوەڵناوی چۆنیەتی بە یارمەتی مۆرفیمی (تەر –تر، تەرین – ترین) پلەی بەراورد وباڵا وەردەگرێ، كەچی پلەی باڵاو بەراورد لە ژمارەدا نییە، ژمارە ئەم دوو مۆرفیمە وەرناگرێ: دوهەمتەر*-، دوهەمتر، دووەمتەرین* – دوهەمترین،..... هتد. (M.M. Fattah :1997: 179)، ئاوەڵناو لە دوای ناوە دێت و بە یارمەتی ئامرازی دانە پاڵ (ی، **ێ** ) یا (ە) دەبێتە دیارخەری ناوی ناسراو و نەناسراو: (**كوڕی قۆز** _ كوڕی قۆز، **كناچێ** زەریفە – كچی جوان)، (**كوڕە قۆزەكە** – كوڕە قۆزەكە)، (كناچە **زەریفەكێ** – كچە جوانەكە). كەچی ژمارە بە هەموو جۆرەكانیەوە (بێجگە لە ژمارەی ڕێكخستن نەبێت كە لە پێش ناو دێن و ئەگەر ژمارەی ڕێكخستن كەوتە دوای ناوەوە، ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەچێتە نێوان ژمارەو ناوەكە، بەڵام ئەگەر ژمارەی كەرتی بوو بۆ نیو (ۆ) دەچێتە نێوانیان، كەرتەكانی تر (و) دەچێتە نێوانیان، ئەمەش جیاوازە لە كرمانجی ناوەراست، كە بۆ پلەو كەرت هەر ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەچێتە نێوانیان..

أ. ئەگەر ژمارەی پلەیی لەدوایی ناو بێت، وەك:

1/ فەرمانبەری یەرەم – فەرمانبەری سێیەم، دووكانی پەنجەم – دووكانی پێنجەم....هتد .)

ب. ئەگەر ژمارەکە کەرتی بوو، وەك:2/ (نیمۆ پرتەقاڵەکەی_-نیوەی پرتەقاڵەکە، چواریەك و **کێك‌ەکیْ**_ چواریەکی کێکەکە، ... بەڵام لە گەڵ وشەی (نیم – نیو)دا بە دیار ناکەوێت: (نیم هەنارم وارد.– نیو هەنارم خوارد.). ئامرازی دانە پاڵی (ە) تەنها لە نێوان ژمارەی ڕێکخستن و ناودا بەکاردەهێنرێت، ئەویش زۆر بەکەمی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، وەك:

3/ فەرمانبەرە یەکەمەکە_ فەرمانبەرە یەکەمەکە_ نێر، فەرمانبەرە **یەك‌ەم‌ەکیْ**_-فەرمانبەرە یەکەمەکە _ **مێ**، ئەمەش تەنها لە دۆخی ناسراویدا. ئەوە تێبینی دەکرێت کە لە هەموو کاتێکدا، ئەگەر ژمارە پێش ناو بکەوێت و لە سەرەتادا بێت، ئەوا بە بێ ئامرازی دانەپاڵ دەبێتە دیارخەری ناوەکە، بێجگە لە ژمارەی کەرتی نەبێت کە ناوێزەیەو لە هەموو کاتێکدا لە سەرەتادا دێت و پێش ناو دەکەوێت وکەچی بە یارمەتی دانەپاڵی(و) لە جیاتی (ی) کرمانجی ناوەڕاست دەبێتە دیارخەری ناوەکە بۆ ژمارەیکەرتی،بەڵام بۆ نیو (ۆ) لە جیاتی(ی) بەکاردێت،وەك:

4/ (**دویْ ف‌ەرمانب‌ەریْ** – دوو فەرمانبەر، یەرەم فەرمانبەر – سێیەم فەرمانبەر،....) لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ژمارە پێش ناو بکەوێت، ئەگەر بنجی بێت نیشانەی کۆ دەدات بە ناوەکە، بێجگە ژمارە یەك، ئەگەر پلەیی بوو نیشانەی کۆی پێنادات.

ژمارەی بنجی گیرەکەکانی (ەم، ەمین) وەردەگرێت وژمارەی ڕێکخستن دروستدەکات، کەچی ئەم گیرەکانە ناچنە سەر ئاوەڵناو، چونکە ئەمانە وەرناگرێت .

ژمارەیا (ناوی ژمارەکان بە نووسین و بە ڕەنووس دەنووسرێن، بەڵام ئاوەڵناو یان ئاوەڵناوی پێکهاتوو لە (ژمارەو کەرەستەیەکی تر) تەنها بە نووسین دەنووسرێن: ( پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا: 2009: 48 – 49)، وەك:

6/ (5، 6، 7، ...)،(پەنج –پێنج، شش_ شەش، حۆت_ حەوت،..)،

7/ أ. (**کورێوی** چواردە ساڵ – کورێکی چواردە ساڵ، پیای چوارچەم – پیاوی چوارچاو...)

ب . (**کورێوی** 14 ساڵ*، پیای 4 چەم* .....هتد.)

ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، دەکرێت بگوترێت بەشێك نییە لەناو، یان ئاوەڵناو.

**1/ 1_4 )ژمارە لە نێوان مۆرفیم و مۆرفدا:**


زمانەوانان بە شێوەی جیاواز پێناسەی مۆرفێمومۆرفیان کردووە، بۆچونی هاوبەش و جیاوازیشیان هەیە،(کریستاڵ) دەڵێت: "مۆرفیم بچوکترین کەرەسەی زمانە، کە واتای هەبێت." واتە زیاتر گرنگی بە واتا داوە، هەروەها (بلۆم فیلّد) دەڵێت: " مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە." ئەمیش بە هەمان شێوەی کریستاڵ گرنگی بە واتا داوە. هەروەها (محەمەد مەعروف فتاح) دەڵێت: "هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمانی بۆ چەند دانەیەکی بچووك شیدەکرێتەوە کە پێی دەوترێت مۆرفیم." (محەمەد معروف فتاح : 2011: 84)، واتە کەرەستەکانی ڕێزمان شیدەکرێنەوە بۆ چەند دانەیەکی بچوکتر، کە پێیان دەوترێت مۆرفیم، سەبارەت بە مۆرفیش "فۆرمێکی فیزیکییە، واتا خاوەنی قەبارەیەکە مۆرفیم دەنوێنێت." (محەمەد معروف فتاح و سەباح رەشید قادر: 2006: 15)، هەروەها ژمارە وەك بەشەئاخاوتنەکانی تری زمان دیاریدەی بوونی مۆرف و مۆرفییمی تیا بەدیدەکرێت و هەموو تایبەتمەندیەکانی مۆرف و مۆرفیمیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، ژمارەکان مۆرفیمن (یەکەیەکی نابەرجەستەن واتە بوونیان تەنیا لە مێشکی قسەکەراندا هەیە، وەك بیرۆکەیەك کار دەکەن، لە دەرەوەی مێشکی قسەکەردا تەنیا هەستیان پێ دەکرێت، بەچاو نابینرێن، قەبارەیان نییە، لەبەر ئەوە هەتا نەیەنە بواری بەکارهێنان نابینرێن، بۆیە هەموو ژمارەکان مۆرفیمن، بەڵام کاتێك بەکاردەهێنرێن و بوونی فیزیکی و قەبارەیان دەبێت دەبن بە مۆرف. مۆرفیمی ژمارە هەیە تەنها مۆرفێك نوێنەری دەکات.) (محەمەد مەعروف فتاح و سەباح رەشید قادر: 2006: 12)، وەك: ژمارەکانی (چوار– چوار،-حۆت- حەوت ...هتد.)کە بەم هێڵکارییە ڕوونکراوەتەوە، وەك :

8 / (چوار) (حۆت) ⟵ مۆرفیم

/چوار/ /حۆت/ ⟵ مۆرف

هەندێك جاریش (مۆرفیمی ژمارە زیاتر لە مۆرفێك یا نوێنەرێك لە خۆ دەگرێت و هەریەکەیان بۆ ژینگەیەك دەستدەدەن، وەك مۆرفیمی کۆکردنەوە :

هێڵکاری (1)




هەروەها ژمارەکان تایبەتی بنەماکانی مۆرفیم و مۆرفیان لەسەر جێبەجێدەکرێت، وەك: ئەگەر ژمارە (**دویْ** – دوو) وەربگرین و لەڕووی مۆرفێمەوە شیبکەینەوە دەبینین:

مۆرفیمی سەربەخۆی (**دویْ** - دوو) کەرت ناکرێت بۆ پارچەی وردتر بە بێ شێواندنی واتاکەی. لە دەوروبەری تردا بەهەمان واتا دووبارەدەبێتەوە، وەك:

9/ (**دۆانزە**، دوانزدە، سێ و دوێ –سێی و دوو، **دۆە سەڎ** و ویس و پەنج – دوو سەد و بیست وپێنج....هتد. ( **دویْ** - دوو) بوونێکی فیزیکی هەیە.

لە ڕووی واتاوە هەموو ژمارەیەك واتای هەیە و ژمارە بنجیەکانیش وشەی فەرهەنگین.

لە لایەکی ترەوە، هەموو مۆرفێکی ژمارە، هەڵگری واتایە و واتاکەشی بەشێکە لە واتای گشتی و لە دەوروبەری تریش بە هەمان واتا دووپات دەبێتەوە. کەواتە لە ژمارەی ڕووندا مۆرفیم و مۆرف بەرامبەر یەك دەوەستن.(پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا :2009 (55-_54

1/1–4–1)**مۆرفیمی ژمارە** : ئەو بیرە ئەبستراکتەیە کە لە مێشکدایەو تەنها لە بیری قسەکەردا بوونی هەیە، وەك بیرۆکە کار دەکات، لە دەرەوەی مێشکی قسەکەردا تەنیا هەستی پێ دەکرێت و بە چاو نابینرێت. هەموو تایەتییەکانی مۆرفیمیشی لەسەر جێبە جێ دەکرێت.

1/ 1- 4 - 2) **مۆرفی ژمارە** : ئەم مۆرفە فۆرفێکی فیزیکییە، قەبارەی هەیە و مۆرفیم دەنوێنێت، کۆمەڵە دەنگێکی جیاوازە کە لە ژینگەی تردا دووپاتدەبێتەوە، مۆرفی ژمارە هەڵگری واتایەو واتاکەشی بەشێکە لە واتای گشتی. بە هەمان واتاش لە دەوروبەری تردا دووپات دەبێتەوە.

1/ 1- 4 -3)**ژمارە وەك مۆرفێمی سەربەخۆ**: لە هەموو زمانێکدا، دارشتن و ڕۆنانی وشەی نوێ لە ڕێگەی وشەی بنەرەتی و مۆرفیمی وشەدارێژەوە دەبێت، مۆرفیمی وشە دارێژەکە بە پێشەوە، یا بە دواوەی مۆرفیمە سەربەخۆکەوە دەنووسێت و وشەی نوێ دروست دەکات، کەواتە وشە دارێژراوەکە لە مۆرفیمی وشە دارێژو مۆرفیمە سەربەخۆکە دروست بووە .

(ژمارەی بنجی لەدروستکردنی وشەی نوێدا زۆر چاکە، ژمارەکان بە دووبارەبونەوە یان وەرگرتنی مۆرفیمی وشەگۆڕ، یان بە یەککگرتنی لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانیتردا.. توانای باشیان هەیە لە دروستکردنی وشەی نوێدا، ژمارە پێشگر وەرناگرێ، پاشگر وەردەگرێ، جا پارتیکڵ بێت یان وشە دارێژ. هەروەها لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمی بنجی دەورێکی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی وشەی نوێدا.) (هەمان سەرچاوە، ل56)، وەك:

10/ (حۆتم[1] – حۆتم، **دۆە**زوان – دوو زمان، ....هتد.)، یان لەگەڵ گیرەکەکاندا ژمارەی ڕێکخستن دروست دەکات، وەك:

11/ (چوارەم– پەنجەم_-پێنجەم،....)، یا ژمارەی کەرتی دروست دەکات، وەك:(هەشتیەك، دەیەك...هتد.)

1/1-4- 3-1)**ژمارەی بنجی و مۆرفیمی وشە دارێژ** : ژمارەی بنجی لەگەڵ مۆرفیمی وشە دارێژ وشەی نوێ دروست دەکات، وەك:

12/ أ. ژمارە+گیرەکی وشە دارێژی (**یْ**) (**پەنجیْ**– پەنجە، **چلیْ**–چلە،.....)

ب . ژمارە+ گیرەکی وشە دارێژ (انە) (**دۆانە** –دووانە،، ساڵانە،......)

ت. ژمارە + گیرەکی وشە دارێژ (ڵان) (شەشڵان – شەشەڵان،...)

---

[1] _ حۆتم بۆ لەدایکبوونی کوڕ دەکرێت، خزم وکەس وکار بانگ دەکرێت، حەیوانێك یان دوان سەردەبڕرێت دەکرێت بە خواردن بۆ میوانەکان، بە بۆنەی لەدایکبوونی منداڵەکەوە.

پ. ژمارە + گیرەکی وشە دارێژ (یەتی، یێتی)   (یەکیەتی، یەکێتی،....)

ج. ژمارە + گیرەکی وشەدارێژ (ەوانە )        (حۆتەوانە، ...)

ح. ژمارە + گیرەکی وشە دارێژ (مینە)        (نۆمینە- نۆمینە، ...)

خ. ژمارە + گیرەکی وشەدارێژ (ی)        (پەنجی- پێنجی، دەیی، ...)


1/1 –4 – 3–2)**ژمارەی بنجی و گیرەکەکان** :

هەموو ژمارەیەکی بنجی لەگەڵ گیرەکەکاندا یەکبگرێت و ژمارەی ڕێکخستن دروست دەکات، بێجگە لە ژمارە (سفر) نەبێت، کە ئەم توانایەی نییە. گیرەکەکان ئەمانەن:

(ەم_ەمە (هەم) : یەکەم،یەکەمە....هتد. ..پەنجەم، حۆتەم... (یەکەم، ... پەنجەم ...)

(ەمین-یەمین)، (هەمین): یەکەمین،...یەرەمین، (سێیەمین)،چوارهەمین ....هتد.

نیمچە بزوێنی (ی –y و نیمچە بزوێنی (وw– کۆنسنانت، (ە) لەگەڵ گیرەکەکاندا نین، بەڵکو بۆ ئاسانکردنی دەربڕینەکان بەکار دەهێنرێن و دەچنە نێوان ژمارە بنجیەکەو گیرەکەکان، ئەگەر ژمارە بنجیەکە کۆتایی بە دەنگی (ا، ێ، ۆ، ە، ی) هاتبوو، لە نێوان ژمارەکەو گیرەکەکاندا نیمچە بزوێنی پەیدا دەبێت، وەك: (حەفتایەمین، یانزەیەمین، سییەمین،بەڵام ئەگەر ژمارە بنجیەکە کۆتای بە بزوێن (وو u- هاتبوو، ئەوا نیمچە بزوێنی (و w – دێتە کایەوەو بزوێنی (وو(–u ی کۆتایی ژمارەکە کەمێك لە باری ئاسایی خۆی کورتر دەوترێت و دەبێت بە ڤاوێل(و _ u)، وەك: 13/ **دۆ** + و + ەم = دوهەم




نەبزوێنی (ە) لە زوودا نەبووە، تازە هاتوەتە ناوانەوە و لە زمانی فارسی هێنراوە، دەچێتە سەر هەموو ژمارەیەك و بۆ تێکڕای ژمارەکان بەکاردەهێنرێت و دەچێتە نێوانژمارەی بنجی و گیرەکەکانەوە . (ئەورەحمانی حاجی معروف:2014: 49)، وەك:

14/(دووهەم، چوارهەم،...)

1/1– 4– 3– 3 )**وشە لێکدراوەکانی ژمارە لە ڕێگەی ژمارەی بنجیەوە:**

ژمارەکان لە دروستکردنی وشەی نوێدا چالاکن، بە چەند ڕێگەیەك بە ژمارەی بنجی و وشەی تر وشەی لێکدراو دروستبکەین، ئەمەش هەندێك لەو ڕێگایانەیە، کە وشە لێکدراوەکان دروستدەکەن:

وەك: 15/ أ. ژمارە بنجی + ناو، وەك : (هەزارپا – هەزار پێ، چوارپا_ چوارپێ، چوارگۆشە -چوارگۆشە، **دۆ**ڕوو – دوو ڕوو، یەکسەر، یەکبار....)

ب. ژمارەی بنجی + ناو + ی، وەك: (چوارنەفەری، یەرەگۆشەیی- سێگۆشەیی، **دۆ**دەری- دوو دەری، ... (دکتر ایران کلباسی :1380: 118)

ت. ژمارەی بنجی + ناو+ پاشگری (-ەکی)، وەك : **دۆ**بەرەکی –دووبەرەکی، پەنج خشتەکی (پێنج خشتەکی،..)

پ. ژمارەی بنجی + ناو + پاشگری (-ە)، وەك : (سێئەرێ –سێپەرە، **دۆ** ژەنی ( دوو ژنە)، چوارشانە، یەکلایەنە،...). ج. ژمارەی بنجی + چاوگ، وەك: (یوگیرتەی – یەکگرتن، یوبیەی –یەکبوون،...)

ح. ژمارەی بنجی + ناوبەند (-ە) + ناوی دارێژراو، وەك: (**دۆ** ڕاگا – دووڕێگا،...)

خ. ژمارەی بنجی +ئاوەڵناوی نادیار، وەك : (یوتەر، یەکتر، ..)

چ. ژمارەی بنجی + ئاوەڵکار، وەك: (**دۆ** لا –دوولا،چوارلا،....)

س." ژمارەی بنجی + بە + ژمارە ( هەزار بە هەزار، هەزاربە هەزارە.....هتد." (شنە جبار، ئاوەڵناو: 2011: ئاوەڵناو وەك كەرەستەیەكی فەرهەنگی و سینتاكسی)

1/1–4– 3 –4)**وشە لێكدراوەكانی ژمارە لە ڕێگەی دووبارە بوونەوەی ژمارەی بنجی**:

16/ أ.ژمارەی بنجی + ژمارەی بنجی، وەك: (یەك یەك، ...، پەنج پەنج –پێنج پێنج..)

ب. ژمارەی بنجی+ بە + ژمارەی بنجی، وەك : (پەنج بە پەنج – پێنج بە پێنج، دە بە ویس– دە بە بیست،...هتد).

پ. ژمارەی بنجی + او + ژمارەی بنجی، وەك : (یەكاو یەك، ..)

ت. ژمارەی بنجی + جە + ژمارەی بنجی، وەك : (دە جە دەی، دە لە دە...)

هەروەها دەكرێت ژمارەی كەرتیش بەشداری لە دروستكردنی وشەی لێكدراودا بكات، وەك:

17/ (نیمەرۆ –نیوەرۆ، نیمەشەوێ_نیوەشەو، .... هتد.

**٢/١) چەمکی ژمارەوجۆرو تایبەتمەندییەكانیان**:

جۆرەكانی ژمارە لە كتێبی (ڕێزمانی كوردیدا)( عبدالواحد موشیر دزەیی : 2014 : 83) بەم جۆرە دابەشكراوە:

1. **ژمارەی ڕیزكراو**: ئەو ژمارانە دە گرێتەوە، كە ڕیزبەندی دەنوێنن و مۆرفیمی (مین) وەردەگرێت، وەك : 18/یەكەمین، دوهەمین _ دووەمین، یەرەمین _ سێهەمین.....هتد
2. **ژمارەی ڕیشەیی**: ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، كە كەرتی تێدا نییە و لە یەكەوە دەستپێدەكات تا كۆتایی، وەك:

19/ 1، 2، 3، 4، 5....هتد.

3. **ژمارەی دابەشی**: كە ژمارەكە دووبارە دەكرێتەوە و پۆلێن دروستدەكات، وەك:

20/ **یۆیۆ** – یەك یەك، **دۆدۆ** – دوودوو، یەرەیەر – سێ سێ...هتد .

بۆ وردی ژماردن بەكار دێت، وەك:

21/ سێ یەك،چواریەك....هتد.

لە (كتێبی فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی)( ئەورحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (كوردی –عەرەبی–ئینگلیزی2004) لە زمانی كوردیدا دەتوانین سێ جۆر ژمارە دیاریبكەین:

1- ژمارەی بنجیی 2- ژمارەی پلەیی 3- ژمارەی كەرتیی

جۆرەكانی ژمارە لە ڕووی دروستەوە :

بەشە ئاخاوتنی ژمارە لە ڕووی دروستەوە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەكرێن.

1-ژمارەی سادە :هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە كە لە یەك ڕەگی بێ زیاد پێكهاتوون و یەك بنەمایان هەیە، وەك:

22/ أ/ ژمارەكانی (0_9)، ب/ سەرە گرێكانی وەك:

(دە، بیست، سی، چل، سەد، هەزار، ملیون، ملیار....هتد.)

2-ژمارەی داڕێژراو:واتە ژمارەیەك لە ژمارەی بنجی و زیادەیەك پێك هاتبێت. یان " ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، كە لە ژمارەیەكی بنجی سادە و مۆرفێمێكی وشە داڕێژی لە شێوەی پاشگر پێكهاتوون، وەك ( پەنجا، شەست، حەفتا ...)، هەرچەندە هەندێ لە ڕێزمان نوسانی كورد ئەمانەشیان بە سادە داناوە، لە ڕاستیدا ئەم نوسەرانە باش بۆی نەچوون، چونكە بەڵگە مێژوویەكان ئەوەیان سەلماندووە، كە پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا.. بە یاریدەیی مۆرفیمی (ات) فارسی سازبوون و لە كوردیدا (ت) تێداچووە و تەنها (ا) ماوەتەوە، سەبارەت بە وشەی (نەوەد/ نەوەت)یش ئەوا بە یارمەتی پاشگری (تی) ئاڤیستایی یان بە یارمەتی (ات) ی فارسی پێكهاتووە، هەندێك گورانی دەنگسازی بەسەردا هاتووە .(عبدالرحمن حاجی معروف : 1990: 194)

3-ژمارەی لێكدراو:دوو ژمارەی تێدا بێت، یان هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، كە لە دوو ژمارەی بنجی یا زیاتر پێكهاتوون.وەك : 23/ هەژدە، بیست و چوار، ....هتد .

ژمارەی لێکدراو بە یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە دروستکراون:

1/ دوو ژمارەی بنچی تێکەڵ: بە هۆی کۆکردنەوەیان و لەگەڵ هەندێك گۆرانی فۆنەتیکی، کە ژمارەکانی (11--19) دەگرێتەوە.

2/ دوو ژمارەی بنچی و زیادەیەك، کە دوو ژمارەکە بە هۆی مۆرفیمی (و) پێکەوە بەسترابن، وەك:

24/ ویس و یەك– بیست و یەك، سەدُ و سی و پەنج– سەد و سی و ئەنج، هەزارو چوار سەدُ وپەنجاو یەك– هەزارو ضوارسەد و ئەنجاو یەك.... )

3/ لە دوو ژمارەی بنچی بە دوای یەکدا هاتوو، کە بە بێ مۆرفیمی (و) درابنە دەم یەکتر، وەك:

25/پەنج شش– پێنج شەش، حۆت هەشت– حەوت هەشت، پەنجا شەست...) لەم جۆرە ژمارەیەدا جۆرە گومانێك لە ژمارەکاندا بەدیدەکرێت.

ڕێگای لێکدان: لە دوو ژمارەی بنچی یان زیاتر پێك دێت، بەڵام لەم ڕێگەیەدا ژمارەیەك جارانی ژمارەیەکی تر کراوە،وەك:

25/ أ. (هەشت **سەڤ**، هەشت **سەڤ**، **دوێ** هەزارێ – دوو هەزار .....) (8×100، 2×1000، ....) ئەم جۆرە ژمارانە لە لێکدانی هەندێك ژمارە لە ژمارەکانی (**سەڤ** - سەد، هەزار، **ملوێن** – ملیون...)پێکهاتووە، وەك:

ب. **دۆسەڤ** _ دوو سەد، یەرە**سەڤ**_ سێ **سەڤ**، چوار **سەڤ**- چوارسەد ....نۆ **سەڤ**)، (یەك هەزار، **دوێ** هەزارێ_ دوو هەزار، ..هتد.،ویس هەزارێ _-بیست هەزار.. **سەڤ** هەزارێ _ سەد هەزار ...، چوار **سەڤ** هەزارێ _ چوارسەد هەزار.....هەشت **سەڤ** هەزارێ - هەشت سەد هەزار، نۆ **سەڤ** هەزارێ _ نۆسەد هەزار ...هتد.)، یەك ملو**ێن** _ یەك ملیۆن، **دوێ ملوێنێ** _ دوو ملیۆن، ...... نۆ**سەڤ ملوێنێ** _ نۆسەد ملیۆن )

بە هۆی بەکارهێنانی هەندێك وشە، کە بۆ دیاریکردنی پێوانە و بڕی شت بەکار دەهێنرێت، وشەکانیش بە زۆری ئەمانەن (کیلۆ، مەتر، نەفەر، سەر، بن، دەستە، بەرگ، **دننێ**، پارچە،...) سەرەڕای ئەمانە لە کۆندا بۆ پێوانە (**تۆرێز**، تەغار، گەز ....) بەکارهاتووە. کە ژمارە بنچینەیەکە لە پێش ئەم وشانەوە دێت و ناوە ژمێراوەکەش لە دوای ئەم وشانەوە دێت، وەك:

26/ چوارکیلوێ ساوی – چوار کیلۆ سێو، پەنج مەترێ قوماش – پێنج مەتر قوماش، یە**رێ سەرێ مەیێ** – سێ سەر مەڕ.....)

وشەکانی (چوار کیلو**ێ** – چوار کیلۆ، پەنج مەتر**ێ** –پێنج مەتر، یە**رێ** سە**رێ**، سێ سەر ......) ژمارەی بنچیی لێکدراون، هەرچەندە زۆربەی ڕێزمان نووسەکان ئەم جۆرە وشانە بە ناوی تر ناو دەنێن، وە ئەم ڕێگای دروستکردنی ژمارەی لێکدراویان باسنەکردووەو وشەکانی (چوار کیلو**ێ** –چوار کیلۆ، پەنج مەتر**ێ** – پێنج مەتر، ....) بە ژمارەی لێکدراو دانانێن، بە بۆچونی ئێمە ئەمانە ژمارەی لێکدراون وچەندیەتی ناوێك نیشان دەدەن. قەناتی کوردۆ ( کوردۆیێف)، وشەکانی (پارچە، پاروو، کوورز، دەستە،....) بە وشەی ژمارەیی ناو بردووە. (ك. ك. کوردۆیێف :1984: 129)،کەواتە دەتوانین بڵێن ژمارە لە ڕووی دروستەوە بۆ دوو شێوە جیا بکەینەوە، لە بەر ئەوە هەندێك لە ژمارەکان لە ڕووی فۆرمەوە سادەن، کەچی لە ڕووی دروستبونەوە ناسادەن

ژمارە لە ڕووی فۆرمەوە : ژمارە لە ڕووی فۆرمەوەدەکرێت بە دوو جۆرەوە:

1. سادە : ( سفر – نۆ)، (دە، ویس، سی، چل، **سەڤ**، ملو**ێن** ، ملیار.....)

2. ناسادە (هەموو ژمارەکانی تر ناسادەن)

ژمارە لە ڕووی دروستبوونەوە: ژمارە لە ڕووی دروستبونەوە،دەکرێت بە دوو جۆرەوە :

1.سادە (سفر –نۆ)، 2. ناسادە (هەموو ژمارەکانی تر ناسادەن)

کەواتە ژمارەی ناسادە گەلێ زۆرترن لە ژمارەی سادەکان، بەڵام ژمارە سادەکان بنەماو بنچینەو کەرەسەیدروستەیژمارە ناسادەکانن،هەروەك دەرکەوت ژمارە بنچیەکان بنەماو بنچینەو کەرەستەی سازکردنی ژمارە پلەیی و کەرتیەکان.

**1-2/1)ژمارەی بنجی و تایبەتمەندییەکانی:**

1-2/1) **ژمارەی بنجیی :**

ژمارەی بنجی کە ئەسڵی، بنچینەی....پێ دەوترێت،یان ( دەشێ چەندی یشی پێ بوترێ، ئەو ژمارانە دەگرێتە خۆ، کەوا بە گشتی لە تەواوی دانەکاندا تەجریدی ژمارە ڕادەگەیەنێ، کەوا بەگشتی لە تەواوی دانەکاندا تەجریدی ژمارە ڕادەگەیەنێ (پەنج کەرەت پەنج = ویس و پەنج، پێنج کەرەتی پێنج = بیست وپێنج)، یان ژمارەی دیاریکراوی شتی هاورەگەز نیشان دەدا (چوار **کتێبێو**-چوار کتێبێك)،هەروەها ژمارەی بنجی لە نووسیندا دەشێ بە ڕەقەمیش دەربڕرێ.) وەك:

27/ (سێ _30)، (هەزار _1000)،بەڵام هەرچی ئەو ناوانەیە، کە واتای چەندێتیی یان تێدایە، وەك:

28/ (**چلێ**، هەفتە،....) ناشێ بە ڕەقەم نیشان بدرێن، وشەی(**یۆ** – یەك )جگە لە واتای چەندێتی ژمارە، (یەك مانگ، یەك پیا،....) دەتوانێ واتای دیش بگەیێ. وەك:

1. بە واتای ناو. وەك :

29/ (**یۆ** جە شمە بەرمەشو. – یەك لە ئێوە دەرناچێت. )

2. بەواتای جێناو، وەك:

30/ شمە **پێوە**رە یەك کولیەتا تەمامنان. – ئێوە پێکەوە یەك کۆلێژتان تەواوکردووە.

3. بەواتای جێناوی دیار، وەك:

31/ من و کاروان جە یەك ڕاوە ئامایمێ.– من وکاروان لە یەك ڕێگاوە هاتووین. وشەی (هەریەرێ، هەرچوار....) لە ژمارەی بنجی (**یەرێ**، چوار)ەوە نزیکن و هەرهەمان ئەندازە ڕادەگەیەنن، بەڵام واتای بنەرەتی (هە**رێ**ەرێ، هەرچوار....)ڕاگەیاندنی چەندێتی نییە، بەڵکو تەنیا پەنجە بۆ نیشاندانی چەندێتی ڕادەکێشێ. وشەی (**هەرێ**ەرێ ،-هەرسێ، هەرچوار...) ناکەونە نێو بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە، بەڵکو سەر بە جێناون. ئەم جێناوانەش لە ژمارەی بنجی و جێناوی (هەر) پێکهاتوون، واتای کۆکردنەوە دەگەیەنن. وەك:

26/ هەریەرە پیاکە لوێ . – هەرسێ پیاوەکە ڕۆیشتن.

32/ هەرچوار **ڕازەکێم وانێوە**.- هەرچوار چیرۆکەکەم خوێندەوە.

(ئەورحمانی حاجی مارف: فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی:2004: 247)

هەمو ژمارەیەکی بنجی لە ژمارەکانی (0_ 9) ( بابا رسول نوری رسول، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، 2009، 70-71) دروستکراون و پێکهاتوون، ژمارە بنجییەکان ئەمانەن:

1. (0_ 9 ) ژمارەی سەرەکین و ژمارە بنجییەکانی تر لەمانە دروستکراون.

2. (-11_19) ئەمانە بە یاسای کۆکردنەوە لە ژمارەکانی (1_9) وژمارە(10) ساز بوون,

ئەو ژمارە بنجیانەی بە هۆی مۆرفی (و) سازبەدەبن، وەك: (21،22....41،42....131،1131....)

سەرە گرێکان (10،20،30.....)، (100،200،....)، (1000، 2000، ....)، (100000،-200000)، (1000000-2000000....) سەرەگرێ لە وشەی (العقود)ی عەرەبییەوە هاتووە، ناونانی ئەم ژمارانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە کۆندا کاتێ ژمارەکانی (1_10)یان بە پەنجە دەژمارد گرێیەکیان لە گوریسێك، داوێك یان پەتێك دەدا، بۆ نمونە سێ گرێ بە واتای (30) دەهات،...هتد.

2 / 2-1-1 )**تایبەتمەندییەکانی ژمارەی بنجی**:

1. هەمووژمارە بنجییەکان وشەی فەرهەنگین و وەك خۆیان بە بێ دەستکاری لە ڕستەدا جێی خۆیان دەکەنەوە، ژمارەی پلەیی و ژمارەی کەرتی لە ژمارەی بنجییەوە دروستکراون.

2. ژمارە بنجییەکان لە ڕووی واتاوە و ئاماژەوە بۆ دوو گروپ دابەش دەبن، وەك :

33/ أ. ژمارەی تاکەکان : (1، 3، 5، ...) ب/ ژمارە جوتەکان: (2، 4، 6، 8،...)

هەردوو کۆمەڵەکە بە زیاد کردنی ژمارە (2) زیاد دەبن، لە ڕووی کرداری دابەشکردنەوە، ژمارە جوتەکان زۆر چالاکترن لە ژمارە تاکەکان.

3. ژمارە بنجییەکان بە نووسین و بە ژمارە دەنووسرێن (1، 2، 3، 4، 12، 13....) (یەك، دوو، سێ، چوار، دوانزە، سیانزە....)

4. کردە بیرکارییەکانی ژمارە بنجییەکان بریتین لە (+،-، ×، ÷) کۆکردنەوە و لێکدان (جاران)ی هەردوو ژمارەیەکی بنجی یان زیاتر، ئەنجامەکەی ژمارەی بنجی دەردەچێتەوە(2+3= 5)، (2×3=6) بەڵام لە کردارەکانی لێکدەرکردن ودابەشکردندا، دەگونجێ ژمارەی بنجی دەربچێت و دەشکونجێت ژمارەی بنجی دەرنەچێت (4–2=2،-3-5= –2، ....)، (8-÷ 4=2، 2÷4= 2/1، ...)

ژمارەی بنجی لەم شێوە زارەدا خاوەنی حالەتی تاك، کۆ....)یە، تەنها ژمارە (دە) و دەجارەکانی نیشانەی (ان) و یان (ەها) یان (یەها) دەتوانن وەربگرن (دەیان، دەیەها، سەدان، سەدەها،...)

ژمارەی بنجی لە پێش ناو دێت و دەبێتە دیارخەری ناوەکە و دۆخی ئێرگەتیڤی وەردەگرێت، وەك:

34/ (چوار **پرتەقاڵێ**– چوار پرتەقاڵ، **دوێ** خوێندکارێ– دوو خوێنکار، یەك پیا _ یەك پیاو....) جگە لە ژمارە (یەك)، کە دەگونجێت لە دوای ناویش بێت، وەك:

35/ (**ماموْسێۆ** – ماموْستایەك، **خوێندکارێۆ** –خوێندکارێك...)، ناوی دوای ژمارەی بنجی، ناوێکی کۆیی ژمێردراوە و نیشانەی کۆ وەردەگرێت، وەك دۆخی ئێرگەتیڤی. هەروەها ژمارەی بنجی ناسراوی ونەناسراوی وەرناگرێ، تەنها لەو کاتەدا نەبێت، کە لە پاڵ ناودا نایەت، وەك:

36/ چوارەکە ئامێ – چوارەکە هاتن. (لێرەدا چوارەکە شوێنی ناوی گرتۆتەوە)، یان

37/ چوار **پەنجێۆ**ئامێ _ چوار پێنجێک هاتن. (لێرەدا شوێنی ناوی گرتۆتەوە و گومان لە ژمارەکەدا هەیە.)، ژمارەی بنجی وڕادە بەیەکەوە نایەنوناتوانین بلێین:

38/ أ. (**بەعزێۆ دوێ***، **دوێ بەعزێۆ***)، بەڵام لەم شێوەزارەدا وشەی (**ئانڎە**– ئەوەندە) لەگەڵ سەرە گرێکان دێت وبەواتای (1_-9) دێت، وەك :

ب. ویس و **ئانڎە** – بیست و ئەوەندە، چل و **ئانڎە** ، چل وئەوەندە....)

ژمارەی بنجی کە ژمارەی ناوێك ڕادەگەیێ، دەشێ ناوەکە بێ هیچ نیشانەیەك بێت ودەیشلوێ نیشانەی لەگەڵدا بێت، وەك:

39/ أ_ **یەرێ کورێ** _سێ کوڕ، چوار ژەنی – چوار ژن، چوار **ژەنەکێ** _ چوار ژنەکان (ش . ه)

ب_ چوار ژن – چوار ژنەکە، چوار ژنان (ش .ن)

کاتێك نیشانەی نەناسیاوی (ێك) بە ناوی ژمێردراو دەلکێ، ئەوا بە نزیکی ئەو ژمارەیە دەگەیێ، وەك:

40/ (چوار **مانگێۆ** – چوارمانگێك، ویس **پییێۆ**– بیست پیاوێك.....)

**2-1-2/1 - 2) سیفەتەکانی ژمارە (سفر) و نرخ وبەهای ژمارەکان:**

(ژمارەی سفر بەتەنها هیچ بەهایەکی نییە، واتا کە دەڵێن (سفر) واتا هیچ، کەواتە سفر نە لەگەڵ ژمارەموجەبەکاندایە، نەسالبەکان، بەڵکو کەوتوەتە نێوان هەردوکیانەوە، ژمارە سفر سنوری ناوەندە، تەنها نرخی شوێنیهەیە و لە دەرەوەی شوێنی خۆی هیچ نرخێکی نییە، وە بەشداری لە دروستکردنی سەرەگرێکان دەکات (10، 20، 30، 40،،....)، کەواتە سفر ژمارەیەکی بنجییە، ژمارە ش نرخی خۆی هەیە، هەر ژمارەیەك وەربگرین، دوو نرخی هەیە، یەکێکیان بەهای خۆی (1، 2، 3 ...)و ئەوی تریان نرخی شوێنەکەی، واتە نرخی ژمارە بە پێی شوێن دەگۆڕێ)، بۆ نموونە: ژمارە (پەنج _- پێنج) لەم نموونانەی خوارەوەدا:

٥ ← پەنج   ٥٠ ← پەنجا   ٥٠٠ ← **پەنسەد** (پێنج سەد)   ٥٠٠٠ ← پەنج هەزار ێ – پێنج هەزار...هتد.

واتە سفر بەهای خۆی نییە و هەر نرخی شوێنەکەی هەیە، واتە نرخی سفر تەنیا لە لای ڕاست و چەپی ژمارەکەی، وەك: 20، 200، 2000، 2060، 5000.د.....هتد

2/1- 2) ژمارەی ڕێکخستن و تایبەتمەندییەکانی: ئەو ژمارەیە کە لەگەڵ ناوێکدا دێت و تەرتیبی یان ڕێکخستنی ناوەکە ڕادەگەیەنێ، یان ( بەو وشانە دەوترێ کە لە ژماردندا ڕیزی شتی هاوڕەگەز ڕادەگەیەنن. ژمارەی تەرتیبی بە یاریدەی نیشانەی ( ەم ) کە دەخرێتە سەر ژمارەی بنجی ساز دەبێت، بە هاریکاری نیشانەی(ەمین) کە دەچێتە سەر ژمارەی بنجی.) ( ئەورحمانی حاجی مارف: 2004: 248_251)، وەك:

41/ أ. یەك + ەم = یەكەم، دوێ+ەم = دوهەم ....هتد.

ب. یەك +ەمین =یەكەمین، دوێ+مین = دوهەمین........هتد

ئەگەر ژمارە بنجیەكە لێكدراو بێت، گیرەكەكانی(ەم) و(ەمین) دەچێتە سەر ژمارەی كۆتایی، وەك:

42/ سیی ویەكەمین، **سەڤ**وچل و حۆتەم- سەدوچل وحەوتەم.)

كاتێك (ژمارەی بنجی دیارخراو خۆی دەنوێنێت، لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی خستنەپاڵی (و) لە جیاتی مۆرفیمی (ی)لە نێوان ژمارە بنجیەكەو ناوەكەدا بەكاردێت، وەك:

43/ یەك و نیسانی– یەكی نیسان، چوارو نیسانی – چواری نیسان ....هتد. ئەم دەستەواژانە زیاتر وەك ئاوەڵكار كاتی ڕوودانی كردارەكە دەستنیشان دەكەنیان وەك :

44/ (جە یەكو ئایاریەنە كرێكاریحەفلە كەرا.-_ لە یەكی ئایاردا كرێكارەكان ئاهەنگ دەگێڕن.) یان وەك ناوێك ئەرك دەبینن، وەك:

45/ یەك و ئەیاری **جەژنو** كرێكارانە. – یەكی ئایار جەژنی كرێكارانە. (عبدالرحمن حاجی مارف: 1989: 108)، ژمارەی پلەییلە پێش ناوەوە دێت، یان لە دوای ناوەوە، ئەگەر لە پێش ناوەوە هات، ئەوا هیچ ئامرازێك لە نێوان ژمارەكەو ناوەكە دەرناكەوێت، وەك:

46/یەكەم **مامۆسا**-_ یەكەم مامۆستا،حۆتەم دوكان–حەوتەم دوكان)

بەڵام ئەگەر ناوەكە لەسەرەتاوە هات و ژمارەكە كەوتە دواوە، ئەوا مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) لە نێوان ناوەكەو ژمارەكە دەردەكەوێت، وەك:مامۆستای یەكەم، دوكانی دوهەم...هتد)

ژمارەی پلەیی تەنیا بە نوسین دەنوسرێت، وە بە ژمارە نانوسرێت (چوارەم، پەنجەم، شەشەم....)ە، هەروەها ژمارەی پلەیی نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی و كۆ وەرناگرێت و ناتوانین بڵێن، وەك:

47/ دوهەمەكە **مامۆسا***- دوهەمەكە مامۆستا، **یەكەمێ مامۆسا*** –یەكەمان مامۆستا، **دووەمێۆ** مامۆسا * – دوهەمێك مامۆستا......هتد.)، بەڵام ئەگەر ناوی ڕیزكراو لادراو ژمارەكە ئەركی ناوی بینی، ئەوا دەتوانێ نیشانەكان وەربگرێ، وەك :

48/ أ. چوارەمەكە خەلاتكریا – چوارەمەكە خەڵاتكرا.

ب. **چوارەمەكێ** خەڵات **كریێ**. – چوارەمەكان خەلاتكران.

ت. **دووەمێۆ** خەڵات كریا.– دوهەمێك خەڵات كرا.

هەرچی دەستەواژەی لەجۆری خوێندكارە یەكەمەكێ – خوێندكارە یەكەمەكان، خوێندكارە یەكەمەكە، بە بۆچونی ئێمە تا ڕادەیەك لە بەشە ئاخاوتنی ژمارە دووردەكەونەوەو نیشانەی كۆ و ناسراویەكە بۆ ناوەكە دەگەرێتەوە نەك بۆ ژمارەكە.

**۱/۲_۳) ژمارەی كەرتی و تایبەتمەندییەكانی:**

**1_3_2/1) ژمارەی كەرتی:**

ئەو ژمارەیە كە بەشێوەی كەرتی نیشان دەدرێت، یانژمارەی كەرتی (ئەندازەی كەرت رادەگەیێ-واتە چەندێتی ئەم یان ئەو بەشی دانەكە نیشان دەدا و دەردەخا، وەك (سێ یەك، چواریەك...) لە پێكهاتنیژمارەیكەرتی دا ناوی پارچەكانی لە واتای پلە بێبەرن. (ئەورەحمانی حاجی مارف:2004: 252)، واتا ژمارەی كەرتی لە دوو ژمارەی بنجی پێك دێت، یەكێكیان لەسەر كەرتەكەیە، ئەو تریان لە ژێرەوە، چەند شێوەیەكیشی هەیە، كەرتی ئاسایی و دەیی و ژمارەیی ڕێژەیی. لە زمانی كوردیدا ژمارەی كەرتی، وەك: وشەی (هەشت یەك، شش یەك...)، وشەی لێكدراون و لە دوو ژمارەی بنجی پێكهاتووە، شێوەكانی ژمارەی كەرتی، ئەمانەن:

1. كەرتی ئاسایی: ئەو كەرتانەن، كە ژمارەیی تەواویان لەگەڵدا نییە، وەك:

49/ **دوۆە** یەك، دوویەك–چوار یەك– چواریەك، پەنج یەك– پێنج یەك.....هتد. ئەگەر ژمارەی سەرەوە نیوەی ژمارەی ژێرەوە بوو، ئەوا بە شیوەی (نیم–نیو یان نیمە–نیوە) دەردەبڕدرێت.

2. كەرتی دەیی: كەرتی دەیی و سەدی و هەزاری.....یە، كە تیایدا ژمارەی تەواوی لەگەڵدایە، وەك : 50/ سفر ژمارەی تەماموجە دەنە **یەرێ** ( 3., ) – واتا سفر ژمارەی تەواو لەدەیا سێ.، **یەرێ ژمارێ** تەمام و جە **سەڤ**.( 3,35 ) سێ ژمارەی تەواو لەسەدا سیی و پێنج.)

3. ژمارەی ڕێژەیی: لەم جۆرە ژمارە کەرتییە دا ڕێژەی دەبی، یا **سەدْی** یا هەزاری ناوی باسکراو دیاری دەکرێت، وەك: 51/ جە **سەدْە**نە دوانزە، یان (دوانزە جە سەدی. 12%)– لە سەدا دوانزە، دوانزە لە سەد)....هتد. (حسین صالح حسن، 1985: 39_40)

ژمارەی کەرتییەکان بەهۆی ژمارەی بنجیەوە، بە چەند ڕێگایەك دروست دەکرێن و بە شێوەی پیت بەچەند شێوەیەك دەنوسرێن، بە چەند شێوەیەك دەخوێنرێتەوە :

1) دوو ژمارەی بنجی بە بێ پێشگر، وەك:

52/ 1/4، 2/1, 5/1 ، 8/3 ( چارەك یان ڕبع، نیم– نیو، پەنج یەك– ثێنج یەك، **یەرێ** هەشت یەك_ سێ هەشت یەك .....هتد)

2)دوو ژمارەی بنجی و پێشگری (جە –لە): ئەمیش بە دوو شێوە دەبێت :

أ/ هاتنی پێشگری (جە -لە) لە سەرەتای دەستەواژەکە لەم جۆرەدا، ژمارە گەورەکە لە پێشدا دێت، وە بە دوایدا ژمارە بچوکەکە، وەك:

53/ (جە دەنە چوار_ لە دەدا چوار، جە **سەدْە**نە سیی _ لە سەددا سیی،.....) زۆر جار لەم دروستەدا دیاردەیەك دەردەکەوێت، بە پێچەوانەی کرمانجی ناوەراست کە دوو دیاردە دەردەکەوێت،وەك: دیاردەکە ئەوەیە، کە ژمارەی یەکەم (4 ,0)جە دەنەضوار، (0,30 )جە سەدُ نە سیی،....) واتە ژمارەکە پاشگری (-نە) کە لە جیاتی (-دا) کرمانجی ناوەراست دێت وەریدەگرێت، بەڵام نیشانە کۆ وەرناگرێت وەك کرمانجی ناوەراست. (لە دەیان چوار)

ب/ هاتنی پێشگری (جە –لە) لەم شێوە زارەدا (ژمارەی بچووك + جە + ژمارەی گەورە)، وەك:

54 / **یەرێ** جە دەی – سێ لە دە، سیی جە **سەدْی**_ سیی لە سەد،......) زۆر جار بە شێوەی (پەنج جە **سەدْ**انی – پێنج لە سەدان، یەك جە چلانی – یەك لە چلان،.....یش، دەردەبڕرێت.

بە یارمەتی فۆرمی (سەرو –لەسەر) کە دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەکە (ژمارەی بچووك + سەرو + ژمارەی گەورە)، وەك: دوێ سەرو حۆتی – دوو لەسەر حەوت، پەنج سەرو ویسی – پێنج لەسەر بیست، .....)بە یارمەتی فۆرمی دانەپاڵی (نە) کە بە ژمارە یەکەمەکەوە دەلکێت. وەك :

55/ **سەدْ**نە دوێ –لەسەددا دوو، **سەدْ**نە پەنج – لە سەدا پێنج...)، (پێکهاتەی ژمارە لە کوردیدا: 2009: 75_76)

**٢/١ _٣ _2)تایبەتمەندیەکانی ژمارەی کەرتی**:

1-ژمارەی کەرتی لەم شێوە زارەدا بە هەمان شێوەی کرمانجی ناوەراست دەکەوێتە پێش ناو لە نێوان ژمارەو ناوەکەدا مۆرفێمی دانەپاڵی (-و) بەکاردێت، بە پێچەوانەی کرمانجی ناوەراستەوە، کە تەنها مۆرفیمی (ی) بەکاردێت.وەك :

56/أ.-چواریەکو مڵکەکەیم کاڵا.( چوار یەکی باخەکەم کێلا.)

ب.-نیمۆ هەنارەکەیم وارد.(نیوەی هەنارەکەم خوارد.)

لەنێوان ژمارەو ناوەکەدا مۆرفێمی دانەپاڵ بۆ ژمارەی کەرتەکان مۆرفیمی (و) بەکاردێت، تەنها بۆ ژمارەی کەرتی (نیم – نیوە) مۆرفێمی(ۆ) وەردەگرێت. تەنیا وشەی (نیم – نیو) مۆرفیمی دانەپاڵی لەگەڵ بەکار نایەت. (نیم کیلۆ– نیو کیلۆ)

2-ژمارەی کەرتی بە نوسین و ژمارە دەنوسرێت،وەك : 4/1، یەك سەرو چواری،...هتد.)

3-هەموو ژمارەیەکی کەرتی لێکدراوە، چونکە هەموو ژمارەیەکی کەرتی بە لایەنی کەمەوە لە دوو ژمارەی بنجی پێك دێت، هەرچەندە ژمارە کەرتیەکانی، وەك (نیم –نیو، ڕبع –چارەك...) لە ڕوی فۆرمەوە لێکدراو نین، بەڵام لە ڕووی دروستەوە لێکدراون.

4-لە پێکهاتەی ژمارەی کەرتیدا، ناوی پارچەکان پلەوڕیزیان نیشان نادرێ و لە واتای پلە بێ بەرن.

5 -وشەکانی (نیم – نیو، نیمە –نیوە) هەردوکیان لە دوو بەش، بەشێك ڕادەگەیەنن و ژمارەی کەرتین و واتای چەندێتیان تێدایە، بەڵام جیاوازیەکەیان لەوەدایە کە:

57/ أ/ (نیم–نیو) شتی ڕەها و ڕووت ڕادەگەیەنێ و (نیمە – نیوە) سنوردار(محدود)ە. بە واتایەکی تر (نیمە) دەبێت پێشتر لای گوێگر باسکرا بێت و گوێگر ئاگاداری شتەکە بێت و لە ڕەوتێکی ڕوونتر دەربڕابێت، بەلام (نیم) هەتا نەلکێنرێ بە وشەیەکی ڕوونەوە نازانرێت (نیمۆ -- نیوی) شتەکە چییەو سنووری دیارنییە، وەك:

ب/لە (نیمە –نیوە)دا،دەشێ ناوەکە تاك بێت یا کۆ، بەلام لە (نیم –نیو)دا ناوەکە هەمیشە تاکە، وەك:نیمۆ هەنارەکەیم وارد.(نیوەی هەنارەکەم خوارد.)

نیمۆ هەنارەکام وارد.(نیوەی هەنارەکانم خوارد. ) (بابا رسول نوری رسول: 2009: 76)

نیم هەنارم وارد. (نیو هەنارم خوارد. )

پ/ناوی دوای (نیم _ نیو) نەناسراو دەبێت، بەڵام ناوی دوای (نیمە) دەشێ ناسراو بێت یان نەناسراو بێت.

وەك: 58/ أ. نیم پرتەقاڵ، نیمۆ پرتەقاڵەکەی.....هتد، ب. ( ژەنی نیمۆ کۆمەڵیەنە – ژن نیوەی کومەڵە)

د/ مۆرفیمی دانەپاڵی (ۆ) لە نێوان وشەی (نیم – نیو) و ناوی دوای (نیم –نیو)بەکار نایەت، بەڵام لە نێوان وشەی (نیمە –نیوە) و ناوی دوای (نیمە ) مۆرفیمی دانەپاڵی (-ۆ) بەکار دەهێنرێت، وەك:

59/نیم **مۆز** ،-نیمۆ **مۆزەکیٚ**.....هتد. (نیو مۆز – نیوەی مۆزەکە....)

6.-ژمارەی بنجی وژمارەی کەرتی بە یەکەوە نایەن، تەنیا لە باری دیاریکردنی سەعاتدا نەبێت، کە دەستەواژەی لە جۆری ( حوٚت و نیم–حەوت و نیو، نۆ و چارەك – نۆ و چارەك....) بەکاردەهێنرێ.

**بەشی دوهەم: سینتاکسی ژمارە لە دروستەی فرێزدا:**

**1/2)ژمارە لە دروستەی فرێزدا:**

ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ، چ بە تەنیا چ لە گەڵ کەرەسەی تری زماندا لە دروستەی فرێزوڕستەدا زور چالاکە لە زمانیکوردیدا، هەرکاتێك دوو کەرەستە (ناووئاوەڵناو،ناو و ژمارە.....هتد.) چوونە پاڵ یەکتری لە دروستەی فرێزو ڕستەدا، دەبێ پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەرەسەیە بە هۆی فۆرمێکەوە بە ئاشکرا نیشانبدرێ، فۆرمەکەش یا فۆرمی دانەپاڵە کە پەیوەندی نیوان دیارخەرو دیارخراو دیاری دەکات. یا ئامرازی بەستنە، کە ئەمە ئەو کاتە بەکاردێت، کە دوو کەرەسەکە پلەو پایەی یەکسانیان هەبێت، وەك :

60/ 1. هەناری تش – هەناری ترش (دیارخراو + ی +دیارخەر)

2. خوێنکاری یەکهەم

3. *هەنارتش

4. *خوێندکار یەکهەم

5. هەنگوریٚ تشە[2]. (ناوی دیارخراو +**یٚ**+ دیارخەر)

(لێرەدا سەرەڕای ئەوەی ئەطەر ناوەکە نێر بێت (ی) مۆرفیمی نێوان دەرخەرو دەخراو دەبێت، بەلام ئەگەر مێ بێت مۆرفیمی (**یٚ**) بەکار دێت لە نێوان دەرخەرو دەرخراودا)

ئەم یاسایە لە چەند بارێکی زۆر کەمدا نەبێت پشتگوێ ناخرێ، بە تایبەتی، وەك ئەو کاتانەی کە کەرەسەی یەکهەم چەشن، یا ژمارەو بڕی کەرەسەی دوهەم نیشاندەدات، واتە لەوکاتانەیکە کەرەسەی یەکهەم دەبن بە دیارخەری کەرەسەی دوهەم، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، وەك :

61/ 1. ئی باخەوانە یان ئا باخەوانە یان ئوو باخەوانە ئیی باخەوانە*

2. **دویٚ باخەوانیٚ** **دویێی باخەوانیٚ**※

کەواتە ئاوەڵناوینیشانە لەم شێوەزارەدا سێجۆرە بۆنزیك (ئی) بەکاردێت،بۆدوور (ئا) بەکاردێت،بۆدوورتر (ئوو) بەکاردێت)،بەپێچەوانەی کرمانجی ناوەراستەوە تەنها (نزیك–دوور)ی هەیە.دەگونجێ سەرە زیاتر لە دیارخەرێکی هەبێت، وەك:

[2]- بۆ زانیاری زیاتر بروانة، شنة جبار فتاح، ئاوةلَناو وةك كةرةستةى فةرهةنطى و سينتاكسى لة شيَوةزارى هةوراميدا.

62/ تەنیا ئی **دۆه** کرێکارە... (محمد معروف فتاح : 1993: 32_-33) بە دەستکاریەوە

جۆرەکانی ژمارەی (بنجی، رێکخستن، کەرتی) بە زۆری لە پاڵ ناوێکدا دێن و دەبنە دیارخەری ناوەکە.ژمارەی بنجی لە پێش ناوی دیارخەرەوە دێت و ناوە ژمێردراوەکەی بە ژمارە دیار دەکات، بە بێ یارمەتی مۆرفیمی دانە پاڵ، وەك:

63/ أ. چوار **باخەوانێ** (چوار باخەوان)، ب. **پەنج پیێ** ئەنج ئیێ... (پێنج پیاو)، ناوی ژمێردراودەبێت ناوێکی گشتی بەرجەستە بێت، چونکە ناوی نابەرجەستە (ئەبەستراکت) لەبەر ئەوەی چەمك و بیر دەگەیەنێت، ناتوانرێت بژمێردرێت.وەك :

64/ أ. **دویٚ خەمیٚ هەنیٚ** یۆشا _ دوو خەمم **هەیە**.... ، .....) یان

بەڵام لە هەندێك باردا دەگونجێ ڕستەی لە جۆری

ث. **دویٚ خەمیٚ هەنیٚ** یۆشا _ دوو خەمم هەیە....،.....) یان

ت. **یەریٚ پیاوەتیێم** چێ کەرە_ سێ پیاوەتیم لەگەڵ بکە.....،....،....) دەربڕین.

هەروەها ژمارە نابێتە دیارخەری ئەو فرێزە ناوییە سادانەی کە لە ناوێکی تایبەتی کەسی پێکهاتوون، وەك:

65/ **دویٚ** کاروانیٚ **ئامیٚ***

ئەگەرچی چاوەڕوان دەکرێت دروستەیەکی لە جۆری (دو **دویٚ** کاروانێ ئامێ.– دوو کاروان هاتن ) ڕوو بدات، بەڵام دروستە قوڵەکەی (لە ئاستی ژێرەوە) بەم شێوەیەیە.: (**دویٚ کەسیٚ** کە **نامێشا** کاروانا **ئامیٚ**. – دووکەس کە ناویان کاروانهاتن. (عبدولجەبار مستەفا معروف : 2005: 40 – 41. )

ژمارەی پلەیش ئەگەر لە پێش ناوی دیارخراوەوە هات، ئەوا بەبێ یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ دەبێتە دیارخەری ناوەکە، وەك :

66/ أ. دوهەم خوێندکار زیرەکا.(دوهەم خوێنکار زیرەکە.)

ب. پەنجەمین کرێکار خاس هەرمانە کەرۆ.(پێنجەمین کرێکار باش ئیش دەکات.)

کەچی لەم یاسایەشدا ڕستەی ناوێزە هەیەو دەگونجێ ژمارە لە سەرەتا بێت و بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵی (و) ببێتە دیارخەری ناوێك، ئەم بارەش بە زۆری بۆ دیاریکردنی کات بەکاردەهێنرێت، دەستەواژەکەش وەکو ئاوەڵکاری کاتی ڕۆڵدەبینێت، وەك :

67/ أ. جە جەنگ و یەکەهەم و داعشیەنە بە دەیان**پێشمەرگیٚ** شەهیدیٚ **کریێ**.–لە شەڕی یەکەهەمی داعشدا بە دەیان پێشمەرگە شەهیدکران.

ب. جە یەك و ئایاریەنە خەڵکی ملۆ سەیران. (لە یەکی ئایاردا خەڵکی دەچێت بۆ سەیران.

بەڵام ئەگەر ژمارەی پلەیی لە دوای ناوی دیارخراوەوە هات، لە نێوان ناوەکەو ژمارەکەدا مۆرفیمی دانەپاڵ بەکاردەهێنرێت، وەك :

68/ أ. خوێندکاری دوهەم زیرەکا. –خوێندکاری دوهەم زیرەکە.

ب. کرێکاری پەنجەم خاس هەرمانە کەرۆ. –کرێکاری پێنجەم باش ئیش دەکات.

هەرچی ژمارەی کەرتیشە ئەوا هەردەم لە پێش ناوی دیارخراودا دێت و بە یارمەتی مۆرفێمی دانەپاڵی (ۆ) بۆ نیو، بۆ کەرتەکانی تریش (و) دەبێتە دیارخەری ناوەکە، وەك:

69/ أ. نیمۆ **مۆزەکێم** وارد. –نیوەی مۆزەکەم خوارد.

ب.سێیەك و **ساوەکێم** وارد. –سێیەکی سێوەکەم خوارد.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە لە هەموو جۆرەکانی ژمارەی ڕووندا، تەنها ژمارەی پلەیی دەتوانێت ئەرکی دیارخەری دواوەی فرێزی ناوی ببینێت، وەك :

70/ مامۆسای یەکەهەم دڵسۆزا. –مامۆستای یەکەهەم دڵسۆزە.

هەرکاتێك ژمارە لە سەرەتای فرێز هات و کەوتە پێش ناوێك، ئەوا بە بێ مۆرفیمی دانەپاڵ دەبێتە دیارخەری ناوەکە،بەڵام لە ژمارەی کەرتیدا کە هەردەم ژمارە لە پێش ناوەوە دێت، ژمارەکە لە هەموو بارێکدا بە یارمەتی مۆرفیمی دانەپاڵ (و) دەبێتە دیارخەری ناوەکە.

هێڵکاریی (2)

**سێیەك و کتێبەکەیم** واناوە . (سێیەکی کتێبەکەم خوێندەوە.)

دیارخراو مۆرفیمی خستنەسەر کارا کار

ژمارەی کەرتی + و + ناوی دیارخراو

**1/3_ 1)ژمارە لە فرێزی ناویدا** :

جۆرەکانی ژمارە لە فرێزی ناویدا بەشدارن یان "هەموو جۆرەکانی ژمارە لە فرێزی ناوییدا بەشداری دەکەن و ڕۆڵی کارایان هەیە لە دروستە و فراوانکردنی ئەم فرێزە و بە پێی ڕستە ڕۆڵیان دەگۆڕێت. هەروەها لە دروستکردنی فرێزی ناویدا زۆر چالاکن و بەشداری کاریگەریان هەیە. بەشە ئاخاوتنی ژمارە چ وەکو کەرەسەی پێشەوە چ وەك کەرەسەی دواوە، بەشداری لە دروستکردن و فراوانکردنی فرێزی ناویدا دەکات."(بابا ڕەسول نورىرسول: ئیَکهاتەی ذمارە لە زمانی کوردیدا : 2009) واتا جۆرەکانی ژمارە ڕۆڵی کارایان هەیە لە دروستە و فراوانکردنی فرێزی ناویدا، ئەگەر بکەونە پێشەوە یان دواوە.

2_1/3) **ژمارەی بنجی لە ( فرێزی ناویدا)**[3]:

ژمارەی بنجی لە پێش ناوەوە دێت، بە بێ مۆرفیمی خستنەسەر، دەبێتە دیارخەری ناوی ژمێردراوچەندێتی ناوەکە ڕووندەکاتەوە، وەك:

69/ دویَ پیَ – دوو پیاو، ف.ن = ژمارە + ناو)

بەڵام ئەگەر ژمارەیەك و دوو ناو یان سێ ناو بە یەکەوە هاتن، ئەوا ژمارەکە بۆ کام ناو بگەڕێتەوە، ئەوا دەچێتە پێش ئەو ناوە، وەك :

71/ أ. <u>کارزان و **دوێ** کاوڕێ</u> **بیێ** بە **رەفێقێ** – (کارزان و دوو مەڕ بوون بە هاوڕێ.)

بکەر

ف.ن = ناو + ئامرازی (و) + ژمارە + ناو )

ب. کارزان <u>**دوێ** کاوڕێ و بزێ**وەش**</u> پێ **گێرتا** – (کارزان دوو مەڕو بزنێکی بۆ گرتم.)

بەرکار

ف.ن = ژمارە + ناوی کۆ+ ئامراز(و)+ ناو)

ث. کارزان <u>**دوێ کاوڕێ و بزێوە** و **بزڵێوش**</u> پێ**گێرتا**. – (کارزان دوو مەڕو بزنێك و کاریلەیەکی بۆ گرتم.)

بەرکار

ف.ن = ژمارە + ناوی کۆ+ ئامراز(و)+ ناو + ئامراز(و)+ ناو )

ت. کارزان<u>**کاوڕێۋ** و**بزێۋە** و دوو **بزلێش**</u> پێ **گێرتا**.– (کارزان مەڕێك و بزنێك ودووکاریلەی بۆ گرتم.

بەرکار

ف.ن = ناو+ ئامراز(و)+ ناو + ئامراز(و)+ ژمارە + ناو)[4]

[3] . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئاواز حەمە صدیق، ریزبونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، کولیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ل31

[4]- **بە دەسکارییەوەلە** (ئاواز حەمە صدیق : 1996: 31) **وەرگیراوە**

ئەگەر لە فرێزی ناویشدا (نیشانەو ژمارەو ناو) و یا( نیشانەوژمارەو ناوو کەرەسەی تر) هەبوو، ئەوا (ژمارە وناوەکە) یا (ژمارەو ناو و کەرەسەکانی تر) دەکەونە نێوان دوو کەرتی وشەی نیشانەوە، وەك:


72/أ. ئی دوَە یانەیە مسانوو. (ئەم دوو خانووە دەکرِم.) (ئی دوَە یانەیە )

ب. ئی دوَە یانە گۆرەیە مسانوو. (ئەم دوو خانووە گەورەیە دەکرِم.) (ئی دوَە یانە گۆرەیە)

ت. ئی دوَە یانە فرە گۆرەیە مسانوو. (ئەم دوو خانووە زۆر گەورەیە دەکرِم.)(ئەم دوَوە یانە فرە گۆرەیە)

ژمارەی بنچی بە گشتی پێش ناو دەکەوێت و بە بێ مۆرفیمی خستنە سەر لەگەڵ ناو، یا ناو و ئاوەڵناودا لە یەك دەدرێن و لەم بارەشدا بە شێوەیەکی گشتی ناوی ژمارەو نیشانەی کۆ لەگەڵ ناوەکە یا لە گەڵ ناو و ئاوەڵناوەکە پێکەوە دەرناکەون. یاسای لەیەکدانی ژمارە و ناو یا ژمارەو ناو و ئاوەڵناو لەم وێنەدا دەردەکەوێت :-


هێلکاری ذمارە (3)




72/ دە کرێکاریً هەرمانەکەرا.– دە کرێکار ئیش دەکەن.

ف.ن دە گەنج (یَوُ)، وەك:

73/ (دە **گەنجێۋ** جە قاوەخانەکەنە **نیشتێنێرە.**(دەگەنجێك لە قاوەخانەکە دانیشتوون.)




74/ دە گەنجە ئازاکە زەمینەکەشا کاڵا... – دە گەنجە ئازاکە زەویەکەیان کێڵا. (احمد حسن فتح الله)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی رستە لە زمانی کوردیدا،،21.


(ژمارەی بنچی بە یارمەتی مۆرفیمی خستەتەکیەك لە پێش ناوەوە بێت، بەڵام لەم بارەدا ژمارەبنچییەکەو مۆرفیمەخستنەتەکو ناوەکە هەر هەموویان پێکەوە وەك گرێیەکی ئاوەڵکاری ئەرك دەبینن و کاتی ڕوودانی کارەکە دیاری دەکەن. هەروەها لە رووی رێکەوتنەوەش،هەرچەندە دیارخەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەی ناوییەوە هەیە،بەڵامئەودیارخەرانەیکە لە ژمارەو جێناوی چەندی و جێناوی دیار پێکهاتوون، رۆڵێکی دیاریکراویان لە رێککەوتنی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا هەیە، بە تایبەتی لەو بارانەدا کە بە پێش سەرەپرستە کەوتوون.)

(بابا رسول،ئێکهاتەی ذمارە لە زمانی کوردیدا : 2009)

75/هەشت و سەعبی ملوو پەی زانکۆیی. – هەشتی بەیانی دەچم بۆ زانکۆ.

76/ أ. کەسێوُ نویستش. –کەسێك نوسی. ب .دویً کەسیً نویستشا. – دوو کەس نوسیان.

لەم شێوە زارەدا بەراورد بە کرمانجی ناوەراست دۆخی ئێرگەتفی لە نێوان ژمارەو جێناوەکەشدا دروست دەکات، وەك لە نمونەکەی سەرەوەدا د هێلکاری (3)




به دەستکاریەوە کوردستان موکریانی :2000، 23_24)

**3_1/3)ژمارەی پلەیی لە فرێزی ناویدا :**

ژمارەی پلەیی لە ناو فرێزی ناویدا (دەگونجێت پێش ناوی دیارخراو، یا پاش ناوی دیارخراو بکەوێت، ئەگەر کەوتە پێش ناوی دیارخراو، ئەوا بە بێ مۆرفیمی خستنە پاڵ لەگەڵ ناوەکەدا لەیەك دەدرێن، بەڵام ئەگەر ژمارەی پلەیی کەوتە دوایی ناوی دیارخراو، ئەوا ناوەکەو ژمارەکە بە یارمەتی مۆرفیمیخستنەپاڵ لەیەکدەدرێن....،هەڵبژاردنی مۆرفیمی خستنەپاڵ (و) یا (ە) پەیوەندیی بە دەرکەوتن ودەرنەکەوتنی نیشانەکانی وەکو (ناسراوی، نەناسراوی)یەوە، لەگەڵ ناوەکەدا هەیە.

یاسای لەیەکدانی ژمارەی پلەیی لەگەڵ ناودا بەم جۆرە دیارکراوە.)(احمد حسن فتحالله، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی رستەلە زمانی کوردیدا،،23-24

ئەگەر ژمارەکە پێش ناوەکە هات:

ø و (ڕادە = ئاوەڵناو....)

ف.ن ← ژمارەی پلەیی + ناو

وەك: ف. ن ← دوهەم دوکان

77/ أ.- دوهەم دوکان دوکان و ئێمەن. (دوهەم دوکان دوکانی ئێمەیە.)


ف.ن ← دوهەم + دوکان _ ەکە + گۆرە

_ە

ب . دوهەم دوکانی گۆرە دوکان و ئێمەن.. ( دوهەم دوکانی گەورە دوکانی ئێمەیە.)

ت . چوارەم ژووری پان وبەرین ژوور و ئێمەن...هتد.

ئەگەر ژمارەکە لە دوای ناوەکەوە هات




78/ أ. **مامۆسای** یەکهەم خەلات کریا. بۆ نێر (مامۆستای یەکهەم خەڵات کرا.)

ب/ **مامۆسێ** یەکهەمە خەڵات کریا. بۆ مێ (مامۆستای یەکهەم خەڵات کرا.)

ت/ **مامۆسا** یەکهەمەکە خەڵات کریا. بۆ نێر (مامۆستایەکهەمەکە خەڵات کرا.)

پ/**مامۆسێ** یەکهەمە**کێ** خەڵات کریا. بۆ مێ (مامۆستا یەکهەمەکە خەڵات کرا.)

د/ **مامۆسێۋی** یەکهەم خەڵات کریا. بۆ نێر (مامۆستایەکی یەکهەم خەڵات کرا.)

ح/ **مامۆسێۋێ** یەکهەمە خەڵات کریا. بۆ مێ (مامۆستایەکی یەکهەم خەڵات کرا.)

ج/ **مامۆسێۋی** یەکهەم و بە تەمەن خەڵات کریا.(مامۆستایەکی یەکهەمی بە تەمەن خەڵات کرا.)

ج/ **مامۆسێۋێ** یەکهەمەوبە تەمە**نە** خەڵات کریا.(مامۆستایەکی یەکهەمی بە تەمەن خەڵات کرا.)

ف.ن ⟵ ماموسا = ەکە / **ەکێ**+ یەکهەم / یەکهەمە + بە تەمەن

چ/ **مامۆسا** یەکهەمە بە تەمەنەکە خەڵات کریا. (مامۆستا یەکهەمە بە تەمەنەکە خەڵات کرا. )

س/**مامۆسا** یەکهەمە بە**تەمەنەکێ** خەڵات کریا. (مامۆستا یەکهەمە بە تەمەنەکە خەڵات کرا. )

دیسانەوە دەکرێ ژمارەی بنچی وژمارەی پلەیی بە یەکەوە لە یەک ڕستەدا بینە دیارخەری ناوێک،


ش/ چوار فەرمانبەری یەکهەم خەڵات **کریێ**.(چوارفەرمانبەری یەکهەم خەڵات کران.) بۆ نێر

ڕ/چوار فەرمانبەرێ یەکهەم**ێ** خەڵات کریێ. (چوار فەرمانبەری یەکهەم خەڵات کران.) بۆ مێ

1/3_4-)**ژمارەیی کەرتی لە فرێزی ناویدا:**

ژمارەی کەرتی هەمیشە لە پێش ناوی دیارخراوەوە دێت و بە یارمەتی مۆرفیمی خستنە پاڵ ( و) لە جیاتی (ی) کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەکاردێت، دەبێتە دیارخەری ناوێك یا ناو و ئاوەڵناوێك لە ناو ڕستەدا، ناوی دیارخراویش دەکرێت (تاك، کۆ، ناسراو، نەناسراو ) بێت.

یاسای لەیەکدانی ژمارەی کەرتی و ناو، یا ناو و ئاوەڵناو لەم هێڵکاریەدا خراوەتە ڕوو:




79/ أ- رەنگا چوار یە ک و ملکی نەمامێیا. (رەنگە چوار یەکی باخ نەمام بیت.)




ب/ چوار یەک و ملکەکەی کالیان. (چوار یەکی باخەکە کێلراوە.)




ت/ چوار یەک و ملکە فرە خاسەکا هنۆ شیخیا. (چواریەکی باخە زۆر چاکەکان هی شیخە.[7]

٢/٢) رێکەوتن لە نێوان ژمارەو ناو و ژمارەو ئاوەڵناودا:

1–2/2) رێکەوتنی ژمارەو ناو (Concord) :

ئەو زمانەوانانەی، کە گفتوگۆیان لەسەر رێکەوتن کردووە، زیاتر بەلای رێکەوتنی بکەر_کردار (Agreement) و رێکەوتنی کارا_بەرکار (Ergative)دا چوون، بەڵام رێکەوتنی ناو و ژمارە (Concord) تا رادەیەکی زۆر پشتگوێخراوە، ئەوەیشی، کە باسکراوە تەواو و پراوپڕ نییەو پەیوەندیی بە کۆنکۆردەوە نییە، بەڵکو هەمان ئەگریمێنتەکەیە، بەواتا ئەو دوو چەمکە تێکەڵکراون.

لە زمانی ئینگلیزییدا کۆنکۆرد لە چەند هەلومەرجێکی سینتاکسییدا بەرجەستەدەبێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو هەلومەرجانە بۆ زمانی کوردییش دەستبدەن، هەر ئەمەیش وای یکردووە، زمانەوانە کوردەکان بۆیان جودانەکرێتەوە لەگەڵ ئەگریمێنتدا.

80_ This book

81 _ Those books

کتێبەکان حوکمی دیاریخەرەکە دەکەن، بەڵام لە زمانی کوردییدا تەنها ناوەکە مۆرفێمی کۆ وەردەگرێت. بۆیە لە زمانی کوردییدا کۆنکۆرد لە دوو هەلومەرجدا دەبینرێت، ئەوانیش (ناو و ژمارە_ هەورامیی) و (کردارەبەندیی Copula).

پەیوەست بەم توێژینەوەوە، رێکەوتنی ژمارە و ناو کاری لەسەر دەکرێت، کە لە ستانداردی کوردییدا هەلومەرجی جێبەجێبوونی نییە، بەڵام لە هەورامییدا داتاکان ئەوە دەسەلمێنن، کە کۆنکۆردیش وەکو ئەرگەتیڤی تەواو لەکاردایە.

| ستاندارد | هەورامی |
|---|---|
| 82_أ) یەک کوڕ | یەک کوڕ |
| ب) دوو کوڕ | دوی کوڕێ |
| پ) هەزار کوڕ | هەزار کوڕێ |

بەم پێیە؛ ڕێکەوتنی ناو و ژمارە (Concord) لە هەورامییدا هەیە، ئەگەر ژمارە /یەک/ بێت، ناوەکەیشی تاکە، ئەگەر ژمارەکە لە /یەک/ زیاتر بێت، ناوەکەیش کۆدەبێتەوە و مۆرفێمی کۆ وەردەگرێت.

2-2/2) ڕێکەوتنی ناو و ئاوەڵناو:

هەناری تش وەشا. _ هەناری ترش خۆشە.

هەنگوریٚ تشە وەشەنە. _ ترێی ترش خۆشە.

شیلانیٚ شیرینەنە. _ قەیسی شیرینە.

لیمۆی تشا. _ لیمۆکە ترشە.

دویٚ هەناریٚ شیرینێم واردیٚ.

دویٚ شیلانیٚ شیرینێم واردیٚ.

**ئەنجام**

ئەنجامە گرنگەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا خراوەتە ڕوو:

1 /ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ، کاتێك لەپێش ناوەوە دێت، بێجگە لە ژمارە یەك، ژمارەکانی تر مۆرفێمی کۆ وەردەگرن، ئەطەر ئلەیی بوو نیشانەی کۆیی ئێنادات.

2 /ژمارەی کەرتی لەم شێوە زارەدا دەکەوێتە پێش ناو لە نێوان ژمارەو ناوەکەدا مۆرفێمی دانەپاڵی (-و) بەکاردێت، بە پێچەوانەی کرمانجی ناوەراستەوە، کە تەنها مۆرفیمی (-ی) بەکاردێت، هەروەها لە نێوان کەرتی (نیمە –نیوە)، ئەو ناوەی کە دەکەوێتە دواوەی مۆرفیمی (ۆ) بەکاردێت لە جیاتی (ی) کرمانجی ناوەراست.

3 /ژمارەی پلەیی نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ وەرناگرێت، بەڵام ئەگەر ناوی ڕیزکراو لادراو ژمارەکە ئەرکی ناوی بینی، ئەوا دەتوانێ نیشانەکان وەربگرێ، ڕەگەزی نێرو مێ جیادەکاتەوە.

٤/ ڕێکەوتنی ناو و ژمارە (Concord) لە هەورامییدا هەیە، ئەگەر ژمارە یەک بێت، ناوەکەیشی تاکە، ئەگەر ژمارەکە لە یەک زیاتر بێت، ناوەکەیش کۆدەبێتەوە و مۆرفێمی کۆ وەردەگرێت.

**سەرچاوەکان:**


به زمانی کوردیی:

أ/ کتێب:

1. ئاواز حمە صدیق (1996)، ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیذی ئاداب، زانکۆی صلاحەددین.
2. ئەورەحمانی حاجی مارف (2014) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
3. ئەورحمانی حاجی مارف (2014) ڕێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم، ژمارەو ئاوەڵکردار، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
4. ئەورحمانی حاجی مارف (2004) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی –عەرەبی–ئینگلیزی)، سلیمانی.
5. عبدولجەبار مستەفا معروف( 2005)، دروستەی فریز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیذی زمان، زانکۆی سلیمانی.
6. احمد حسن فتح الله (1990)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی رستە لە زمانی کوردیدا،نامەی ماجستێر، کولیذی ئاداب، زانکۆی صلاحەددین.
7. بابا رەسول نوری رەسول (2009) پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کولێژی زمان، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

8. تەوفیق وەهبی (1929)، دەستوری زمانی کوردی، جزمی یەکهەم، دار الگباعە الحدیپە، بەغدا.

9. سەعید صدقی کابان (1928)، مختصر صرف و نحوی کوردی، چاپخانەی نجاح، بەغدا.

10. شنە جبار فەتاح، (2011) ئاوەلناو وەك کەرەستەیەکی فەرهەنکی و سینتاکسی، زانکوی سلیمانی

11. صادق بهاوالدین ئامێدی (1976)، رێزمانا کوردیا ژوریو ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، بەغدا.

12. صالح حسین حسن (1985)، کورتەیەك لە رێزمانی کوردی، چاپخانەی بەغدا، بەغدا.

13. عبدالرحمن حاجی معروف (1989)، ژمارە وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (124)

14. عبدالرحمن حاجی معروف (1990) تایبەتیەتی ژمارە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ( کۆڕی زانیاری عێراق –دەستەی کوردی)، ب 21-22، بەغدا.

15. علائەدین سەجادی، (1971)، مێذووی ئەدەبی کوردي.

16. ك.ك. کوردۆیێف – وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی (1984)، رێزمانی کوردی بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، مگبعە الادیب البغدادیە.

17. محەمەد ئەمین هەورامانی (1974)، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

18. محمد معروف فتاح (2011)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

19. محمد معروف فتاح (1993)، طؤظاری رؤشنبیری نوێ، باس لە جؤرێك لە رِستەی کوردیدا، ذمارە (128)

20. محەمەد مەعروف فەتاح (1986)، دیسان ئیدیەم، طؤظاری کؤرِی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرطی یازدەهەم، بەغدا.

21. محەمەد مەعروف فەتاح و م.سەباح رەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆژیی کوردی،چاپخانەی روون، سلیمانی.

22. دوهەم/ بە زمانی فارسی :

23. ایران کلباسی (1380)، ساخت اشتقاق واژە در فارسی امروز، چاپ دوم،چاپ و صحافی: شرکت چاپ فرشیوە، تهران.

24. سێیەم / بە زمانی ئینگلیزی:

25. Bloom fueled, L( 1933) Language. New York: Holt.

26. Crystal, D. 1971 Linguistics, London: pelican.

27. Fattah, M.M. 1997 A Generative Grammar of Kurdish Unpublished Doctoral Dissertation, University of Amsterdam.

28. Mackenzie, D.N. ( 1961 ) , Kurdish Dialect studies, l, London, oxford, University press.

29. Oxford Advanced Leamers dictionary